# گەنجینەکردن و گێڕانەوەی زانیارییە زمانییەکان لەچوارچێوەی تیۆری شەبەنگی دەنگەکاندا

**سەباح ڕەشید قادر**

بەشی کوردی، کۆلێژی زمان، زانکۆی صلاح الدین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.

**ئیمەیڵ:** dr.sabahrashed@yahoo.com

**بڕوا ڕەسول ئەحمەد**

بەشی کوردی، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت، زانکۆی ڕاپەڕین، ڕانیە، هەرێمی کوردستان، عێراق.

**ئیمەیڵ:** brwa@uor.edu.krd

## پوختە:

ناونیشانی توێژینەوەکە (گەنجینەکردن و گێڕانەوەی زانیارییە زمانییەکان، لە چوارچێوەی تیۆری شەبەنگی دەنگەکاندا)ە، و لە سنوری ئەم تیۆرەدا ناساندنەوەیەک بۆ دەنگەکانی ئاخاوتن دەکات، بەوەی کە هەر دەنگێک لە مێشکی مرۆڤدا زیاتر لە نواندنێکی هەیە و ئەم نواندنانە بە شەبەنگ دەنوێنرێن.

توێژینەوەکە پەیڕەوی لە ڕێبازی شیکاری پەسەنکەرانە دەکات، کە سەرەڕای پەسن و شیکاری یەکە زمانییەکان لە هەندێک باردا لێکدانەوە و شیکاری بۆ ئەو بەڵگە زانستییانەش کراوە، کە زانستی پزیشکی لە پەیوەست بە بەرهەمهێنانی ئاخاوتنەوە لێکۆڵینەوەیان لە بارەیەوە کردوە. ئەم وەچە ئاستەی زمانەوانی بە (زیندە-زمانەوانی Bio-Linguistics) ناودەبرێت بۆیە لە هەندێک باردا پێویستە بە لێکدانەوە و شیکردنەوەی توێکاری ناوچەکانی مێشک و ئەندامانی ئاخاوتن دەکات.

ناوەرۆکی توێژینەوەکە، بۆ دو بەش دابەشکراوە: بەشی یەکەم بۆ ناساندنی تیۆری شەبەنگی و مێژوی سەرهەڵدانی و پێناسەی هەریەک لە دەنگ و ئاخاوتن و زمان بەگوێرەی ئەم تیۆرە تەرخانکراوە. لە بەشی دوەمدا چۆنییەتی گەنجینەکردن و گێڕانەوەی دەنگەکان، کە بەشێوەی کۆدکردن و هەڵوەشانەوەی کۆدەکانی شەپۆلە دەنگییەکان خراونەتەڕو. هەر لە بەشی دوەمدا باس لە سیما فۆنێمییەکان کراوە، وەک بنەمایەک بۆ جیاکردنەوەی شەبەنگی دەنگەکان. لە کۆتاییدا پوختەی ئەنجامە بە دەستهاتوەکان و لیستی سەرچاوەکان هاتوە.

**کلیلە وشەکان:** فەرهەنگی ئاوەزی، دەنگ، شەبەنگی دەنگەکان، کۆدی دەنگی، سیما فۆنێمییەکان.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(4).Paper18 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.4,December.2021

## پێشەکی:

بیرۆکەی شەبەنگ، لە دیاردەی شیتەڵبونی ڕوناکی خۆرەوە هاتوە، کە کاتێک تیشکی خۆر لە دڵۆپە ئاوێک دەدات، ڕەنگی ڕوناکی شیتەڵ دەبێت بۆ ڕەنگە پێکهێنەرەکانی، کە بەپێی تۆخی و کاڵی ڕەنگەکان و کورتی و درێژی سێبەری ڕەنگەکان بە تەنیشت یەکەوە ڕیزدەبن و سنوری هەر ڕەنگێک لەگەڵ ئەوەی دیکەی تەنیشتی ئەوەندە بەیەکداچون، کە جیاکردنەوەیان کارێکی ئاسان نییە. تیۆری شەبەنگی دەنگەکان ئەم دیاردەیەی بۆ پێناسەکردنەوەی دەنگەکان لە مێشکی مرۆڤدا بەکارهێناوە و وایدەبینێت کە هەر دەنگێک بەگوێرەی لەرەلەر و کاتی خایاندراو بۆ بەرهەمهێنانی چەند نواندنێکی دەبێت، کە ئەم نواندنانە بە شەبەنگ گوزارشتی لێدەکرێت.

ناونیشانی توێژینەوەکە (**گەنجینەکردن و گێڕانەوەی زانیارییە زمانییەکان لە چوارچێوەی تیۆری شەبەنگی دەنگەکاندا**)یە و تیایدا جەخت، لە درککردن و بەرهەمهێنان و بەکارهێنانی دەنگەکانی ئاخاوتن، لە ناوەوەی مێشک دەکاتەوە.

ئەم تیۆرە لە بنەمادا دەکەوێتە چوارچێوەی ئاستی دەنگسازییەوە، بەڵام دەنگسازی ناوەوەی مێشک، و هەر دەنگێک وەک ڕەنگی ڕوناکی دەبینێت، لە ڕوکەشدا، بەڵام لە ناواخندا چەندین سیمای تایبەتی هەیە، کە بە شەبەنگ گوزارشتی لێدەکرێت. واتە دروستبون و گەنجینەکردنی دەنگ دواتر گێڕانەوەیان، لە یادگەکانی مێشکدا.

توێژینەوەکە پەیڕەوی لە ڕێبازی شیکاری پەسەنکەرانە دەکات و لە هەندێک باردا پەنادەبرێتە بەر بەڵگەهێنانەوە لە سەرچاوە زانستییەکانی توێکاری مێشک و بەشە تایبەتمەندەکانی ئاخاوتن، لە مێشکدا. ناوەرۆکی توێژینەوەکە، بۆ دو بەش دابەشکراوە: بەشی یەکەم بۆ ناساندنی تیۆری شەبەنگی و مێژوی سەرهەڵدانی و پێناسەی هەریەک لە دەنگ و ئاخاوتن و زمان بەگوێرەی ئەم تیۆرە تەرخانکراوە. لە بەشی دوەمدا چۆنیەتی گەنجینەکردن و گێڕانەوەی دەنگەکان کە بەشێوەی کۆدکردن و هەڵوەشانەوەی کۆدەکانی شەپۆلە دەنگییەکان خراونەتەڕو. هەر لە بەشی دوەمدا باس لە سیما فۆنێمییەکان کراوە، وەک بنەمایەک بۆ جیاکردنەوەی شەبەنگی دەنگەکان.

لە کۆتاییدا پوختەی ئەنجامە بە دەستهاتوەکان و پوختەی توێژینەوەکە بە زمانی عەرەبی و ئینگلیزی و لیستی سەرچاوەکان هاتوە.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(4).Paper18 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.4,December.2021

## ئەنجام:

ئەم توێژینەوەیە، بەم ئەنجامانەی خوارەوەی گەیاندین:

١. هەمو زانیارییەک، کە مرۆڤ لە ڕێگای هەستەکانیەوە وەریدەگرێت، لە فەرهەنگی ئاوەزیدا بەکۆدی دەنگی هەڵدەگیرێن، بەبەڵگەی ئەوەی کە سەرجەمی دکپێکردنی مرۆڤ دەتوانرێت لە ڕێگای ئاخاوتنەوە گوزارشتی لێبکرێت.

٢. ئاخاوتنی مرۆڤ بە دەنگ دەربڕین بێت یان بیرکردنەوە (ئاخاوتن لە ناوەوەی مێشک) بێت پێویستی بە هەمان میکانیزم و هەرێمە بەرپرسەکانی ئاخاوتنی مێشک هەیە. بە تایبەتی توێکڵی بیستەنی، هەرێمی وێرنیکا و هەرێمی برۆکا چالاک دەبن لە هەردو باری ئاخاوتنی دەنگدار و ئاخاوتنی ناوەوە.

٣. کاتی خایاندراو بۆ بیستنی هەر دەنگێک لە مێشکی گوێگردا، هاوتای ئەو کاتەیە، کە پێشتر لە گەنجینەکردنی دەنگەکەدا خایاندویەتی، ئەگەر بە کاتێکی زیاتریش بیستبیتێ، ئەوا مێشک هاوتای کاتە گەنجینەکراوەکەی دەکاتەوە.

٤. تیۆری شبەنگی دەنگەکان پشتیوانی ئەم بۆچونە دەکات، کە دەنگەکان لە مێشکدا بونێکی فیزیکی یەک نواندنییان نییە، بۆ نمونە جێکەوتەی دەنگە کۆنسۆنانتەکان لە بڕگەدا، بەگوێرەی دەنگە ڤاوڵەکان سیمای جیاجیا بە دەنگە ڤاوڵەکان دەدات، ئەم سیمایانەش بە شەبەنگ دەنوێنرێت.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(4).Paper18 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.4,December.2021

# Storing and Retrieving Information in the framework of the Phonemic Spectrum Theory

**Sabah Rashid Qadr**
Kurdish Department, College of Languages, University of Salahaddin, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.
**E-mail:** dr.sabahrashed@yahoo.com

**Brwa Rasool Ahmed**
Kurdish Department, College of Basic Education, University of Raparin, Rania, Kurdistan Region, Iraq.
**E-mail:** brwa@uor.edu.krd

## Abstract:

This research is entitled (storing and retrieving information in the framework of the phonemic spectrum theory), and its analysis focuses on the perception mechanism and the production and representation of speech sounds within the internal components of the mind. It means producing sounds, storing them and then retrieving them from mental memories. The level of phonology, but these sounds within their wavelengths are converted into white light compounds and connections, in terms of the surface feature, but in terms of their verbal features they are hidden and retain features that distinguish them from others. This research is divided into two main sections:

The first section is devoted to the introduction of the theory of the night and the history of the uprising, and the definition of each of the sounds, speech, and language according to this theory. The second section deals with how to store and retrieving sounds. also in the second section the phonemic features are discussed, as a basis for the separation of the sounds.

in concludes with representing most important results and laying out the references.

**Keywords:** Mental Lexicon, Sounds, Sound Spectrum, Sound Codes, Phonemic Features.

